Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.23 01:32:38 +01'00'





# خۆپیشاندانەگشتیی‌یەکەی 21.02 لە ڤیەننا

**پ: هاوڕێ مەحمود**

**کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە وڵاتی نەمسا بە هاوکاری مەڵبەندی کوردی و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ڕۆژی 21.02 لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکی لە شاری ڤیەننادا خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورەی ڕێکخست. کە هاوکات بوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی کۆمیتەکانی تر لە هەموو وڵاتانی دەرەوەدا، بەمەبەستی پشتگیری کردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا، و خستنە بەردەستی داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیا، پارلمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا. لە پێناو بەدەرخستنی تواناو ئیرادەی میللەتەکەمان بە خۆمان و دنیای دەرەوە و هەروەها هاندانی ڕای گشتی نێودەوڵەتی بۆ ئاوڕدانەوەیەک لە کێشەی سیاسی و هاوکاری کردنمان بۆ جێبەجێ کردنی ڕاپرسی‌یەکی گشتی لەسەرتاسەری ناوچەکانی کوردستاندا، کە ئاخۆ کورد دەیەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، یان سەربەخۆیی دەوێت؟. بە سەدان کەس ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوون و جگە لە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دروشمەکانی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم، چەندین سرود و گۆرانی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرا. پاشانیش  وەفدێک بە ناوی جەماوەری کوردو کۆمیتەی ڕیفراندۆمەوە نامە هاوبەشەکەی بزوتنەوەی ڕیفراندۆمیان گەیاندە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی باڵوێزخانەی سەفارەتی ئەمریکی لە ڤیەننا و بۆیان ڕوون کردەوە کە بزوتنەوەی ڕیفراندۆم ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا ڕێپێوان وخۆپیشاندانی سازکردووەو، ئامانجیشی کۆکردنەوەی پشگیرییەکی نێودەوڵەتی‌یە بۆ پیادەکردنی پرۆسەکە لە کوردستاندا. ئەوەی شایانی باسە ئەم یاداشتنامەیەی کۆمیتەی ڕیفراندۆم ئاراستەی بەڕێز جۆرج بۆش سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرابوو. بڕیارە لە چەند ڕۆژەی داهاتوشدا وەفدێکی کۆمیتەکە هەمان یاداشتنامە پێشکەش بە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، باڵوێزخانەی بەریتانیا،  پارلمان و وەزارەتی دەرەوەی نەمسا بکات.**

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de